# رۆژووی عاشورا تەنها گوناهە بچوکەکان ئەسڕێتەوە

[ kurdish – كردي – کوردی ]


## موحەمەد صاڵح المنجد

سایتی (ئیسلام پرسیار ووەڵام)

**وەرگێڕانی:** دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز



2012 - 1434

IslamHouse.com

# صيام عاشوراء لا يكفر إلا صغائر الذنوب

« باللغة الكردية »


## محمد صالح المنجد

موقع الإسلام سؤال وجواب



ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1434

IslamHouse.com

# ڕۆژووی عاشورا تەنها گوناهە بچوکەکان ئەسڕێتەوە

**پرسیار:** ئەگەر من لەو کەسانە بووم کە مەیم دەخواردەوە، پاشان نیەتم هێنا کەوا سبەی و دوو سبەی ( نۆ ودەی موحرەم) بە ڕۆژوو بم، ئایا ئەم ڕۆژووەم بۆ حسێبە، وە دەبێتە مایەی سڕینەوەی گوناهەکانی ساڵی پێشتر وساڵی داهاتوو؟

**وەڵام:** سوپاس بۆ خوا

**یەکەم:** ئەو ڕۆژووەی کە دەبێتە مایەی سڕینەوەی گوناهی دوو ساڵ، ئەوە ڕۆژووی ڕۆژی عەرەفەیە، بەڵام ڕۆژووی عاشورا دەبێتە مایەی سڕینەوەی گوناهی ساڵێك.

**دووەم:** گومانی تێدا نیە کەوا مەی خواردنەوە لە گوناهە گەورەکانە، بە تایبەت لەگەڵ سوور بوون وبەردەوام بوون لەسەر خواردنەوەی؛ چونکە مەی خواردنەوە سەرچاوەی هەموو شتێکی پیسە، وە دەرگای هەموو خراپەیەکە، لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە خوای گەورە لێی ڕازی بێت، دەفەرموێت: « لَعَنَ رَسُولُ اللَّه صَلّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلّمَ فِي الْخَمْرِ عَشْرَةً : عَاصِرَهَا ، وَمُعْتَصِرَهَا ، وَشَارِبَهَا ، وَحَامِلَهَا ، وَالْمَحْمُولَةُ إِلَيْهِ ، وَسَاقِيَهَا ، وَبَائِعَهَا ، وَآكِلَ ثَمَنِهَا ، وَالْمُشْتَرِي لَهَا ، وَالْمُشْتَرَاةُ لَهُ » [صححه الألباني في صحيح الترمذي].

واتە: پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) نەفرەتی کردوە لە دە شت کە پەیوەندی هەیە بە مەی خواردنەوە،: ئەوەی ئەیگوشی و ئەوەی دەیخواتەوە وئەوەی باری دەکات و ئەوەی بۆی بار دەکرێت وئەوەی دەیگێڕێ وئەوەی دەیفرۆشێت وئەوەی پارەکەی دەخوات وئەوەی...

وە ڕۆژووی ڕۆژی عاشورا یان ڕۆژی عەرەفە تەنها دەبنە مایەی سڕینەوەی گوناهە بچوکەکان، بەڵام گوناهە گەورەکان پێویستیان بە تەوبەیەکی ڕاست هەیە.

شێخ الاسلام ابن تەیمیە ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت: " لە فەرمودەیەکی سەحیحدا هاتوە کەوا پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) فەرمویەتی: ڕۆژووی ڕۆژی عەرەفە گوناهی دوو ساڵ دەسڕێتەوە، وە ڕۆژووی ڕۆژی عاشورا گوناهی ساڵێك دەسڕێتەوە. بەڵام بە ڕەهای بووترێت کەوا دەسڕێتەوە، مانای ئەوە نیە کەوا گوناهە گەورەکان بسڕێتەوە بە بێ تەوبە کردن، چونکە پێغەمبەری خوا فەرمویەتی لە ڕۆژی هەینیەوە تا ڕۆژی هەینیەکی تر و ڕەمەزان بۆ ڕەمەزانێکی تر دەبنە مایەیە سڕینەوەی گوناهەکانی نێوانیان ئەگەر لە گوناهە گەورەکان خۆیان بپارێزن، وە زانراوە کەوا نوێژ ئەفزەڵترە لە ڕۆژوو، وە ڕۆژووی ڕەمەزان گەورەترە لە ڕۆژووی ڕۆژی عەرەفە، وە نابنە هۆی سڕینەوەی گوناهەکان ئیلا بە خۆدوورخستنەوە لە تاوانە گەورەکان نەبێت . ئیتر چۆن گومانی ئەوە ئەبرێت کەوا

ڕۆژووی ڕۆژێك یان دوو ڕۆژی تەطوع ببێتە مایەی سڕینەوەی گوناهی وەکو زیناکردن وخواردنەوەی ئارەق وقومارکردن وسیحر وتاوانە گەورەکانی تر؟ شتی وا نابێت"تەماشای کتێبی "مختصر الفتاوي المصرية" (١ /٢٥٤) .

عبد الله کوری عومەر ڕەزای خوای لێبێت دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: : « مَنْ شَرِبَ الْخَمْرَ لَمْ يَقْبَلْ اللهُ لَهُ صَلَاةً أَرْبَعِينَ صَبَاحًا ، فَإِنْ تَابَ تَابَ اللهُ عَلَيْهِ فَإِنْ عَادَ لَمْ يَقْبَلْ اللهُ لَهُ صَلَاةً أَرْبَعِينَ صَبَاحًا ، فَإِنْ تَابَ تَابَ اللهُ عَلَيْهِ ، فَإِنْ عَادَ لَمْ يَقْبَلْ اللهُ لَهُ صَلَاةً أَرْبَعِينَ صَبَاحًا فَإِنْ تَابَ تَابَ اللهُ عَلَيْهِ ، فَإِنْ عَادَ الرَّابِعَةَ لَمْ يَقْبَلْ اللهُ لَهُ صَلَاةً أَرْبَعِينَ صَبَاحًا فَإِنْ تَابَ لَمْ يَتُبْ اللهُ عَلَيْهِ وَسَقَاهُ مِنْ نَهْرِ الْخَبَالِ » [صححه الألباني في "صحيح الترمذي].

واتە: هەرکەسێك مەی بخواتەوەو مەست بێت چل ڕۆژ نوێژی قبوڵ نابێت، خۆ ئەگەر تەوبەری کرد خوای گەورە تەوبەری لێ وەردەگرێت. جا ئەگەر گەڕایەوە سەر مەی خواردنەوەو مەست بوو چل ڕۆژ نوێژی قبوڵ نابێت، خۆ ئەگەر تەوبەی کرد خوا تەوبەی لێ وەردەگرێت. جا ئەگەر سێهەم جار گەڕایەوە بەهەمان شێوە.....بەڵام ئەگەر لەچوارەم جاردا گەڕایەوە سەر مەی خواردنەوە ئەوا چل ڕۆژ نوێژی قبوڵ نابێت، خۆ ئەگەر تەوبەی کرد خوا تەوبەی لێ وەرناگرێت و لە (ڕوباری الخبال)

ی دەرخوارد دەدات، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ردغه الخبال).

 موبارەکفوری دەڵێت:" لەبەر ئەوەی بە تایبەتی باسی نوێژی کردوە ؛ چونکە نوێژ چاکترین وئەفزەڵترین پەرستشی لاشەیە، ئەگەر نوێژ قەبوڵ نەکرێت، ئەوە غەیری نوێژ هەر قەبوڵ ناکرێت".

ئەگەر پەرستشەکان وەرنەگیرێن لەگەڵ سووربوون لەسەر خواردنەوەی مەی، ئیتر چۆن ڕۆژووی عاشورا وەردەگیرێت؟ بەڵکو چۆن دەبێتە مایەی سڕینەوەی گوناهەکانی ساڵێك؟

واجیبە لەسەرت کەوا تەوبەیەکی ڕاست و دروست بکەیت، وە واز بهێنیت لە خواردنەوەی مەی خواردن، وە خەریکی ئەنجامدانی کاری چاکە بە، بەڵکو خوای گەورە تەوبەکەت وەرگرێت ولێت خۆش بێت.

**سێهەم:** ئەمەی باسمان کرد، مانای ئەوە نیە کەوا ببێتە بەربەستێك لە بە ڕۆژووی ڕۆژی عەرەفە، یان عاشورا، یان هەر کارێکی تری تەطوع، لە نوێژ کردن و ڕۆژژوو گرتن وبەخشین، لەبەر ئەوەی مەی خواردنەوە نابێتە بەربەست لە ئەنجامدانی ئەو کارانە، وە کەوتنە ناو تاوانی گەورەوە مانای ئەوە نیە

هیچ کارێکی چاکە ئەنجام نەدەیت، بەڵکو وا چاکترە پەلە بکەییت لە تەوبە کردن و ئەنجامدانی کاری چاکە.

جەعفەری کوری یونس دەڵێت: لە وڵاتی شام لە قافڵەیەکدا بووم و هەندێ کەسی ڕێگر پەیدا بوون وهەموو شتەکانیان بردین، پاشان لە پێش سەرکردەکەیان شتەکانیان دانا و کیسەیەکیان دەرهێنا کەوا گوێزوشەکری تێدا بوو ودەستیان کردە خواردنی، وە سەرکردەکەیان لێی نەخوارد!!

پێم ووت: باشە بۆ ناخۆیت؟ ووتی: من بە ڕۆژووم!!

پێم ووت: ڕێگری دەکەی لە خەڵك و، پارەکانیان دەبەیت و، خەڵکی بە بێ تاوان دەکوژیت و دەڵێییت من بە ڕۆژووم؟!

ووتی: یا شێخ دەبێت بۆ چاك بوون شوێنێك بهێڵیتەوە!!

پاش ماوەیەك بینیم لە مزگەوتی حەرامدا تەواف دەکات لە دەوری بەیت و لە ئیحرامدایە.

پێم ووت: تۆ هەر ئەو پیاوە نیت؟

ووتی: بەڵێ من هەر ئەووم، وە ئەو ڕۆژوو گرتنەم بووە مایەی من بگەیەنێتە ئەم پلەوپایەیە!! (تاريخ دمشق ٥٢/٦٦) ..